بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان خستیانە روو، پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٤)ی رۆژی ٢٠١١/١٠/٣ دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١١**

**یاسای جێبەجێ کردنی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆی عێراق**

**ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

جێبەجێکردنی یاسای راژە و خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆی عیراق ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١١ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق و کارکردن بە حوکمەکانی.

**ماددەی دووەم:**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێم و خاوەن پلە و پایەکانیان شوێنی دامەزراوە و فەرمانگەکانی فیدراڵ و خاوەن پلە و پایەکانیان دەگرنەوە لە هەر شوێنکی یاساکەدا هاتبن.

**ماددەی سێیەم:**

حوکمەکانی یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١، هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ـ عێراقیش دەگرێتەوە بە چاوپۆشی لەو لایەنەی کە پێوەی لکێنراوە.

**ماددەی چوارەم:**

جێبەجێ کردنی ماددەی(٥٧) لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ (یاسای راژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی عێراق) هەموار دەکرێت و ئەمەی خوارەوە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا جێی دەگرێتەوە:

(حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسانەش لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەگرێتەوە کە پاش ١٩٩١/١٠/٢٣ شەهید کراون، ئەمەش بۆ مەبەستی مووچەی خانەنشینیەکەی و پاداشتی شەهیدبوونی لەسەر بنەمای مووچەی پلەکەی بە دوو پلە بەرزتر دەژمێردرێت).

**ماددەی پێنجەم:**

لەسەر هەردوو وەزیری ناوخۆ و دارایی و ئابووری پێویستە ڕێنمایی هاوبەش بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکەن.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی حەوتەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بن.

**ماددەی هەشتەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

---

**تێبینی: ئەم یاسایە بەبڕیاری ژمارە (٢٨) ی سالی ٢٠١١ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.**